Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.1023

# تێڕوانینی مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی سەبارەت بە خوێندنی بابەتەکانی (زانست و بیرکاری) بە زمانی ئینگلیزی(توێژینەوەیەکی مەیدانییە)

هەژار خداداد حسن

بەشی زمانی کوردی، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی گەرمیان

*Article Info*

Received: March , 2019

Revised: March ,2019

Accepted:March,2019

*Keywords*

تێڕوانین (Attitude) ، زمانی دایک، زمانی فێرکاری، زانست و بیرکاری، پەروەردەی جوتزمانی، پەروەردەی تاکزمانی.

*Corresponding Author*

hazhar.khudadad@garmian.edu.krd

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە چەندین ئامانجی هەیە، لەگرنگترینیان: زانینی تێڕوانینی مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی سەبارەت بە خوێندنی بابەتەکانی (زانست و بیرکاری) بە زمانی ئینگلیزی. هەروەها زانینی رادەی کاریگەرییەکانی بەئینگلیزیکردنی بابەتە فێرکارییەکان لەقۆناغی بنەڕەتی لەسەر لاوازکردنی زمانی دایکی قوتابیان. هەروەها زانینی ئاستەنگەکانی بەردەم وتنەوەی ئەو بابەتانە بەزمانی ئینگلیزی لەڕووی کێشەی کرداری گەیاندن و هەڵەتێگەیشتن لە نێوان مامۆستایان و قوتابیان، لەپاڵ هەموو ئەوانەشدا؛ زانینی ئاستی گرنگی خوێندنی ئەو دوو وانەیە بەزمانی ئینگلیزی.

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی (وەسفی- ڕوپێوی ) بەکارهێنراوە، سامپڵی توێژینەوەکە (سامپڵی هەرەمەکی مەبەستدار)ە کە پێکهاتووە لە (116) مامۆستا لەڕەگەزی (نێر) و (مێ) لە سنوری پەروەردەی گەرمیان.

توێژینەوەکە گەیشتوە بەچەند ئەنجامێکی زانستی، لەوانە: سەرباری ئەوەی زۆرینەی مامۆستایان فێربوونی زمانی ئینگلیزیان بەگرنگ دەزانن، بەڵام تێڕوانینێکی نەرێنیان سەبارەت بە ئینگلیزیکردنی بابەتەکانی زانست و بیرکاری هەیە، چونکە باوەڕیان وایە خوێندنی بابەتە فێرکارییەکان بەزمانی ئینگلیزی کاریگەری نەرێنی لەسەرزمانی دایك و هەستی نەتەوایەتی قوتابیان هەیە، هەروەها دەبێتەهۆی دواخستنی گەشەی زمانی دایك لای قوتابیانی سەرەتایی. هەر بەهۆیەوە کێشەیکرداری گەیاندن لە نێوان مامۆستایان و قوتابیان دروستدەبێت و دەبێتە هۆی هەڵەتێگەیشتنی قوتابیان لە (چەمك و زاراوە، ناوەڕۆکی بابەتەکان و پرسیاری تاقیکردنەوەکان)، هۆکارەکەشی بۆ لاوازی توانای ئاستی زمانی ئینگلیزی قوتابیان و گرانی ناوەڕۆك و زمانی دەقەکانی نێو پەرتووکی بابەتە فێرکارییەکان دەگەڕێتەوە.

تێڕوانینی مامۆستایان بە پێی گۆڕاوەکانی (تەمەن، بڕوانامە، جۆری دامەزراندن، ساڵانی خزمەت) جیاوازیئاماری گرنگ هەبوو، ئەو مامۆستایانەی کە تەمەن و ساڵانی خزمەتیان زیاترە و لەڕووی جۆری دامەزراندنەوە هەمیشەیین و هەڵگری بڕوانامەی (دبلۆم)ن، لەگەڵ خوێندنی ئەو بابەتانەن بەزمانی کوردی، بەپێچەوانەی ئەوەشەوە؛ ئەو مامۆستایانەی کە (وانەبێژن) و تەمەن و ساڵانی خزمەتیان کەمترە و هەڵگری بڕوانامەی (بەکالۆریۆس)ن، لەگەڵ خوێندنی بابەتە فێرکاریەکانن بەزمانی ئینگلیزی.

## پێشەکی

خوێندنی بابەتەکانی (بیرکاری، زانست) بە زمانی ئینگلیزی لەقۆناغی بنەڕەتی لە هەرێمی کوردستان، یەکێك لەو بابەتانەیە کە هەرلەگەڵ جێبەجێکردنیدا زۆرترین گەنگەشە و سەرنجی لەلایەن مامۆستایان و قوتابیان و کەسوکاری قوتابیان دروستکردوە. بەشێکیان پێیانوایە؛زمانی ئینگلیزی وەکو زمانی جیهانگیریی، زمانی ئینتەرنێت و سەرچاوەی زانستیی،زمانیەکەمی پیشەکانی: (تەکنۆلۆجیاوبازرگانی، پیشەسازی، بانکەکان و گەشتوگوزار)ە. بەپێچەوانەوە بەشێکی تریان هەر لەسەرەتاوە بەهۆکاری جیاجیا لەگەڵ ئەو پرۆسەیەدا نەبوون و وایدەبینن سەلماندنی نەبوونی سیاسەتێکی دروستی زمانی،

پەیڕەونەکردنی یاسای زمانی و بێ پلانی زمانییە لەباشووری کوردستان.

لەچوارچێوەی پرۆسەی بەئینگلیزیکردنی بابەتەکانی (زانست، بیرکاری) لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەهاوینی (2015)، لەسنوری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان، ساڵانی یەکەم و دووەم، جێبەجێکردنی پرۆسەکە بە شێوەیەکی ئەزمونی وەرگرت و تەنها لە (20) قوتابخانەی بنەڕەتی خرایە بواری جێبەجێکردن، دواتر لەساڵی سێهەمدا؛ ژمارەی ئەو قوتابخانانەی کە سیستەمەکەی تێدا پراکتیزەکرا بۆ (87) قوتابخانە بەرزبویەوە، بەڵام لەساڵی خوێندنی (2018 – 2019) ژمارەی ئەو قوتابخانانەی کە وانەکانی (زانست، بیرکار)یان بەزمانی ئینگلیزی تێدا دەگوترایەوە بۆ (24) قوتابخانە کەمکرایەوە.

ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر دیاریکردنی ئاراستەی تێڕوانینی مامۆستایان لەسەر جێبەجێکردنی پرۆسەی وانەگوتنەوەی بابەتەکانی (زانست، بیرکاری) بەزمانی ئینگلیزی لەناوەندەکانی خوێندنی بنەڕەتی، گرنگی تایبەتی هەیە، لەلایەك ئامادەگی دەروونی و پەروەردەیی مامۆستایان بۆ پرۆسەکە دەخەملێنێت، لەلایەکی دیکەشەوە هۆکارێکی گرنگە بۆ ئەوەی وەزارەتی پەروەردە و لایەنەپەیوەندیدارەکان لەکاتی بڕیاردان لەجێبەجێکردنی هەر پرۆسەیەك لەناوەندەکانی خوێندن، دید و تێڕوانینی مامۆستایان لەبەرچاوبگرن.

## یەکەم: (میتۆدنامە)

### کێشەی توێژینەوە

کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە:(مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی چ تێڕوانین و روانگەیەکیان سەبارەت بە خوێندنی بابەتەکانی (زانست) و (بیرکاری) بە زمانی ئینگلیزی هەیە؟).

### ئامانجی توێژینەوە

بریتیین لە:

1.زانینی تێڕوانینی مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی سەبارەت بەوتنەوەی بابەتە فێرکارییەکان بە زمانی ئینگلیزی.

2.زانینی تێڕوانینی مامۆستایان دەربارەی خوێندنی بابەتەکانی زانست و بیرکاری بە زمانی ئینگلیزی، بەپێی گۆڕاوەکانی (تەمەن، ساڵانی خزمەت، ڕەگەز،بڕوانامە، پسپۆری، جۆری دامەزراندن).

3.زانینی ڕادەی کاریگەریەکانی بەئینگلیزیکردنی بابەتەکانی (زانست، بیرکاری) لەقۆناغی بنەڕەتی لەسەر لاوازکردنی (زمانی دایك، هەستی نەتەوایەتی و هەڵوەشاندنەوەی یاسا زمانیەکانی زمانی کوردی) لای خوێندکاری کورد.

4.زانینی بۆچونی مامۆستایان سەبارەت بە ئاستەنگەکانی بەردەم وتنەوەی ئەو وانانە بەزمانی ئینگلیزی لەڕووی (کێشەی کرداری گەیاندن و هەڵەتێگەیشتن لە نێوان مامۆستایان و قوتابیان، ڕودانی سترێس لای قوتابیان، کەمبونەوەی چالاکیەکانی ناوپۆل، دروستبونی ژینگەی کۆنترۆڵنەکراوی ناوپۆل و تەواونەکردنی پرۆگرام لەکاتی دیاریکراودا).

5.زانینی ئاستی گرنگی خوێندنی ئەو دوو وانەیە بەزمانی ئینگلیزی (بۆ مەبەستی خوێندن لەدەرەوەی وڵات، دۆزینەوەی هەلیکار، فێربونی زمان و شارەزابون بەزانست و تەکنەلۆجیا).

### میتۆدی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا پشت بە میتۆدی (وەسفی) بەڕێبازی (ڕووپێوی) بەستراوە.

### سنوری توێژینەوە

دابەش بوە بۆ (سێ) سنوری سەرەکی، بەمشێوەیە:

1. سنوری کات: بریتیە لەو ماوەیەی کە فۆرمی ڕاپرسیەکەی بەسەر بەرتوێژاندا دابەشکراوە و وەرگیراوەتەوە و ئەنجامەکان شیکار کراون، کەبریتیە لە (2019/2/3 – 2019/3/9).

2.سنوری شوێن: بریتیە لە شوێنی جوگرافی نمونەی توێژینەوەکە، کە بریتیە لە قەزاکانی: (کەلار، کفری و خانەقین)و شارەدێیەکانی ( ڕزگاری و پێباز).

3.سنوری بابەت: ئەم بابەتە لە چوارچێوەیسنووری زمانەوانی کارەکییە (Applied Linguistics).

### کۆمەڵگە و نمونەی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا، سەرجەم قوتابخانە بنەڕەتیەکانی سنوری پەروەردەی گەرمیان کە لە (24) قوتابخانە پێکهاتوون و بابەتەکانی (زانست، بیرکاری) تێیاندا بەزمانی ئینگلیزی دەخوێنرن، بەکۆمەڵگەی توێژینەوە وەرگیراون.بڕوانە پاشکۆی ژمارە (1). هەرچی سامپڵی توێژینەوەکەشە بریتیە لە (116) مامۆستا بەجیاوازی (ڕەگەز، تەمەن، ساڵانی خزمەت، جۆری بڕوانامە و دامەزراندن) لەکۆی (170) مامۆستا کە دەکاتە (68.23%). بڕوانە پاشکۆی ژمارە(2).بۆ وەرگرتنی نمونەی توێژینەوەکە، لەقۆناغی یەکەمدا (سامپڵی ناهەڕەمەکی مەبەستدار) بۆ دیاریکردنی سەرجەم ئەو قوتابخانە بنەڕەتیانە بەکارهاتووە کە لەسنوری کۆمەڵگەی توێژینەوەکەدا وانە فێرکاریەکان بەزمانی ئینگلیزی دەخوێنن. لەقۆناغی دووهەمیشدا؛ توێژەر (سامپڵی هەڕەمەکی سادە)ی بەکارهێناوە بۆئەوەی دەرفەتی یەکسان بۆسەرجەم مامۆستایانی وانەکانی (بیرکاری، زانست) بڕەخسێت کە بتوانن فۆرمەکە پڕبکەنەوە. بۆ زانیاری زیاتریش لەسەر تایبەتمەندیە دیمۆگرافیەکانی نمونەی توێژینەوەکە، بڕوانە خشتەی ژمارە (1).

**خشتەی ژمارە (1): زانیاریە دیمۆگرافیەکانی (نمونەی توێژینەوە)**

| زانیاریە دیمۆگرافییەکان | | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|---|
| توخم(ڕەگەز) | نێر | 35 | 30.2 |
| | مێ | 81 | 69.8 |
| تەمەن | 20 – 25 ساڵ | 34 | 29.3 |
| | 26 – 30 ساڵ | 9 | 7.8 |
| | 31 – 35 ساڵ | 22 | 19 |
| | 36 – 40 ساڵ | 30 | 25.9 |
| | سەروو41 ساڵ | 21 | 18.1 |
| بابەت | زانست | 62 | 53.4 |
| | بیرکاری | 54 | 46.6 |
| بەشداربونلەخولی بەهێزکردنی تواناکان | بەڵێ | 93 | 80.2 |
| | نەخێر | 23 | 19.8 |
| ساڵانی خزمەت | کەمتر لە 5 ساڵ | 41 | 35.3 |
| | 5 – 15 ساڵ | 45 | 38.8 |
| | زیاترلە 15 ساڵ | 30 | 25.9 |
| جۆری دامەزراندن | هەمیشەیی (میلاك) | 75 | 64.7 |
| | وانەبێژ | 41 | 35.3 |
| بڕوانامە | دبلۆم | 61 | 52.6 |
| | بەکالۆریۆس | 55 | 47.4 |

***ڕاستیی و جێگیری توێژینەوە:**

**أ. ڕاستی ڕواڵەتی توێژینەوە**

(ڕاستی – الصدق - Validity): دادەنرێت بە مەرجێکی پێویست کە دەبێت بەرجەستەکرابێت لەو ئامرازەدا کە توێژینەوەکە پشتی پێدەبەستێت، ڕاستی بەسەر دوو هۆکاری گرنگ ڕاوەستاوە ئەوانیش مەبەست لەو کارەی ئامرازەکە پێی هەڵدەستێت، هەروەها ئەو گرووپ و کۆمەڵەی کە ئامرازەکەی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت(سعد ابولبدة:1979،ص 235). ڕاستی ئامراز،واتا: توانای پێوانەکردنی ئەوەی هەبێت کە لە پێناویدا دانراوە یاخود ئەو دیاردەیەی دەمانەوێت پێوانەی بکەین.(فاروق الروسان:1999،ص31 )

توێژەر دوای ئامادەکردنی شێوەی سەرەتای فۆرمی ڕاپرسیەکە، بەمەبەستی دڵنیابوون لەلایەنی زانستی و دەوڵەمەندکردن و بەهێزکردنی زیاتر، فۆرمی ڕاپرسیەکەی خستە بەردەست چەند پسپۆرێك* سەرجەم تێبینی و سەرنجەکانیانی (کە خۆی لە لابردنی برگەیەك و کورتکردنەوە و دووبارەداڕشتەوەی سێ برگەی نێو ڕاپرسییەکە) دەبینێتەوە لەسەر شێوەی کۆتایی فۆرمی ڕاپرسیەکە جێگیرکرد.

**ب.جێگیری توێژینەوە(الثبات): Reliability**

یەکێك لە مەرجەکانی هەر ئامرازێکی زانستی ئەوەیە کە پێویستە نەگۆڕبێت، مەبەست لە نەگۆڕی ئەوەیە کە هاوشێوەبوون هەبێت لە وەڵامەکاندا کاتێك دووبارە ئامرازەکە بەنزیکەی بەسەر کەس و لە هەمان بارودۆخدا جێبەجێ بکرێتەوە (محمد صلاح الدين وفتحي عبد المقصود،1977، ص505). توێژەر پێش دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسی توێژینەوەکە، شێوەی سەرەتای فۆرمەکەی بەسەر (10) مامۆستای بابەتەکانی (زانست، بیرکاری) لە قوتابخانەکانی قۆناغی بنەڕەتی دابەشکرد کە ئەو وانانەیان تێدا بەزمانی ئینگلیزی دەخوێنرێت، پاش ماوەیەك هەمان فۆرمی لەهەمان بارودۆخ و هەلومەرجدا بەسەر هەمان گروپ و نمونەدا دابەشکردەوە و بەبەکارهێنانی (ئەلفا کرۆنباخ) بۆی دەرکەوت کە هەمان ئەنجام دەردەکەوێت و دەتوانرێت جێبەجێبکرێت و پشت بەئەنجامەکان ببەسترێت. بڕوانە خشتەی ژمارە (2).

**خشتەی ژمارە (2): ئەنجامی (جێگیری توێژینەوە) بەپێی بەکارهێنانی ڕێگای (ئەلفا کرۆنباخ)**

| ژمارەی برگەکان | ئالفا کۆرنباخ |
|---|---|
| 16 | 0.91 |

**ئامرازە ئاماریە بەکارهاتوەکان:**

**توێژەر بۆ خستنەڕوو و شیکردنەوەی ئەو زانیاریانەی کە لە نموونەی توێژینەوەکەوە دەستی کەوتوون، پەنای بردۆتەبەر بەکارهێنانی جانتای** ئاماری زانستە کۆمەڵایەتیەکان(SPSS) ، هەروەها بۆ دۆزینەوە و خستنەڕوی جیاوازی دیدگا و ڕوانگەی گۆڕاوەکان، تاقیکەرەوەی ئامار (Chi- Square Test)بەکارهێناوە.

**دووەم: لایەنی تیۆری توێژینەوە**

**تێڕوانین: Attitude**

زاراوەی تێڕوانین (ئاراستە): زاروەیەکە پەیوەندی بە زۆر بواری زانستییەوە هەیە، وەکو زانستەکانی زمانەوانی، دەروونزانی،

---

.ناوی پسپۆران بە پێی نازناوی زانستییان:

١-پ.ی.د.دارا حمید محمد -زمانەوانی-زمانی کوردی- بەشی زمانی کوردی - کۆلێژی پەروەردە-زانکۆی گەرمیان

2.د. ڕۆکان عبداللە محمد- زمانەوانی- زمانی کوردی- بەشیزمانی کوردی- کۆلێژی پەروەردەی بەڕەت- زانکۆی گەرمیان

3.م. کریم احمدعزیز- زانستە کۆمەڵایەتییەکان - کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت- زانکۆی گەرمیان.

کۆمەڵایەتی، پەروەردە و زانستە رامیارییەکان ...هتد،بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە بۆ مەبەستی چارەسەرکردنی کێشە جۆراوجۆرەکانە پەیوەست بەو زانستانەوە.

بەهۆی فرە ڕەهەندی تێگەی (تێڕوانین)، ناساندن و لیکدانەوەی چەمکەکەی کارێکی ئاسان نییە بەڵام هەندێك لە لێکۆڵەران هەوڵیانداوە بەشێوازێکی گشتی بیناسێنن، هینەرسۆن پێیوایە: (وشەی تێڕوانین دەتوانرێت بەمانا فراوانەکەی بەکاربهێنرێت بۆ پەسنکردنی هەموو ئەو شتانەی دەمانەوێت بیپێوین کە پەیوەندی بە کارتێکردن، هەست، بەها و باوەڕەوە هەیە).(.Henerson &Gibbon, 1987, P8)

بە واتایەکی تر(تێڕوانین، بارودۆخ و ئامادەباشی ئەقڵی و دەمارییە، کە لە ڕێگای ئەزموون و تاقیکردنەوەی کەسی وەرگیراوە و کاردانەوەکانی تاك ئاراستەدەکات بۆ شت).( عبدلواحد موشیر و شێرزاد سەبری،٢٠١٣،ل170) ئەم چەمکە لە بواری زانستی زمانەوانی کارەکیدا(Applied Linguistics) پێگەیەکی گرنگی لەچارەسەرکردنی کێشە زمانییەکانی پەیوەست بەبواری پەروەردەوە هەیە.

تێڕوانینی زمانی بریتیە لەو هەست و باوەڕە دەرونیی و ئاوەزییەی کە مرۆڤ وەکو کاردانەوەیەك بەرامبەر بە زمانێك یان زارێك یان ئەکسێنتێك یان زیاتر لە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی یان پەروەردەیی هەیەتی. دەشێ تێڕوانینەکە ئەرێنی یا نەرێنی بێت، لەهەردوو باردا کاریگەری لەسەرچۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ زمانەکەدا دەبێت، تێڕوانینی ئەرێنیانەی کەسێك یان کۆمەڵەکەسێك بۆ زمانێك دەرئەنجامی ئەو خواست و ئارەزوویە کە هەیانە بۆ بەکارهێنان و کردەی پەیوەندیکردن لە ژیانی رۆژانە یان لە ژینگەیەکی تایبەتدا، بۆ نموونە گەنجانی کورد لە باشوری کوردستان لەبەرئەوەی تێڕوانینێکی ئەرێنییان بۆ زمانی ئینگلیزی هەیە،دەبینی ئارەزوو و ویستێکی زۆریان بۆ فێربوونی ئەو زمانە هەیە،هەر بۆیە لەژێر کاریگەری تێڕوانینی ئەرێنیان زوتر فێری ئەو زمانە دەبن بەڵام بەپێچەوانەوە، ئەو حەزو ویستەیان بۆ زمانەکانی تورکی و عەرەبی نابینرێت هەربۆیە دەبینی ڕێژەیەکی زۆرکەم لەگەنجانی کورد هەوڵی فێربوونی ئەو دوو زمانە دەدەن.

بێگومان بوونی تێڕوانینێکی ئەرێنیانە لەلای ئاخێوەرانی زمانی کوردی بەرامبەر بەزمانی دایکیان کە زمانی کوردییە جگە لەوەی دەبێتەهۆی ئەوەی ئارەزوو و خواستی زیاتریان هەبێت لەسەر شارەزایی زمانەکەیان ، هاوکات سەرەڕای شانازیکردن بە زمانی دایکیان،هەستی بەرپرسیارەتی هەڵدەگرن لە ئاست خزمەتکردن و گەشەکردن و بوژانەوەی زمانەکەیان، ئەمەش سەرەنجام دەبێتە هۆی پاراستنی زمانی نەتەوەیی،وە پاراستنی زمانی نەتەوەیش یەکێکە لەبنەما سەرەکییەکانی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی.

**زمانی دایك : (Mother Tongue)**

لە زمانی کوردیدا زۆر زاراوەی دیکە بۆ زاراوەیی (زمانی دایك) بە شێوەی هاوواتا بەکارهاتووە، وەك: (زمانپژاندن، زمانی یەکەم، زمانی شیری، زمانی نەتەوە، زمانی رەسەن، زمانی لانکە، زمانی خۆماڵی ،زمانی خانەوادە)،بەلام بابزانین زاراوەی زمانی دایك لەکوێوە سەرچاوەی گرتووە.

زمانی دایك بریتیە لەیەکەم زمان کە منداڵ بەشێوەیەکی نائاگاهیانە و بێ مەبەست لە باوان و ژینگەی دەوروبەرەکەی وەریدەگرێت و فێردەبێت. (ئەگەر چی دایك و باوك هەردووکیان بەپێی تایبەتمەندی خۆیان کاریگەریان هەیە لەسەر گەشەی زمانی منداڵ و هۆکاری بەهێزی گەشەی ئاخاوتن، بەڵام دایك لە چرکەساتی یەکەمی لەدایکبوونی منداڵدا لەگەڵی دەژێ بەتایبەتی لە دوو ساڵی یەکەمی تەمەنیدا، کە ئەو تەمەنە زۆر گرنگ و هەستیارە بۆ گەشەی زمانی منداڵ. لێرەدا بەهۆی پەروەردەو بەخێوکردنی منداڵ لەلایەن دایکییەوەو تەرخانکردنی ئەو کاتە زۆرەی دایك بۆ منداڵەکەی و لەباوەش گرتن و بەخشینی سۆزو خۆشەویستی و ئارامی، لەبەر ئەوەیە وەرگرتنی زمان لای منداڵ بۆ یەکەمجار لە دایکییەوەیەتی بۆیە پێی دەوترێت زمانی دایك.) (جەمال حەسەن مینە،٢٠١٣، ل7.)

زمانپژاندن قۆناغی منداڵییە، کە قۆناغێکی زۆر گرنگە بۆ فێربوونی زمان و پەیرەوکردنی ڕێزمان و بنەماکانی زمان، بە بڕوای چۆمسکی گەورە زمانەوانی ئەمریکی منداڵ بەرنامە ڕێژکراوە بۆ ئەوەی فێری زمان ببێت و پێی بدوێت، بەلایەوە زمان توانستێکی بۆماوەیی و خۆرسکییە، هەرکە مرۆڤ لەدایك دەبێ خاوەنی توانست وئامادەباشییەکی بۆماوەییە بۆ فێربونی زمان بەشێوەیەکی بێ ئاگایانە لە تێگەیشتن و بەرهەمهێنانی زماندا بەکاریاندەهێنێت، واتە چۆن توانستی بینینی هەیە بەو شێوەیەش توانستی قسەکردن و فێربوونی زمانی هەیە و هەر ئەو توانستەشە دەبێت بە بنەما بۆ تێگەیشتنی و دروستکردنی هەزارەها و ملێونەها ڕستەو دەستەواژە(کەریم شەریف قەرەچەتانی، ٢٠٠٢، ل8). بەم پێیەمنداڵ لەگەڵ لەدایکبوونی توانایی فێربوونی زمانی هەیە بە مەرجێك ژینگەیەکی لەبارو گونجاوی بۆ برەخسێت، پێویست بەوە ناکات دایك و باوکەکان منداڵەکانیان فێربکەن. خۆی فێری زمانی دایکی دەبێت، بەردەوام ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەی وشەکانی زیاد دەکات، منداڵ لەجیاتی ئەوەی لەقسەکردن پشت بە سینتاکس ببەستن، زیاتر پشت بە مانای وشەکان دەبەستن.(پەخشان سابیرحەمەد، ٢٠١٣، ل139)

دیارە وەرگرتنی زمانی دایك تەنها خۆی لەفێربوونی ڕێزمان و دەربڕینی وشە فەرهەنگییەکانی زمانەکە نابینێتەوە، بەڵکو هۆکارێکی سەرەکی ((پەیوەندیگرتنی کۆمەڵایەتی و ژیرییە و سەرەکیترین هۆکاری گەشەی ئاوەزیی و کۆمەڵایەتیی و هاوسەنگی هەڵچوونەکانە و روکارێکی بەهێزە

لە ڕوكانی پەرەپێدانی ژیری و هەستی و بزواوی)) (شیلان عومەر حسین، ٢٠١٥، ل13) هەروەها زمانی دایك بنەمایەكی گرنگی فێربوونی زمانی بیانییە، ((وە بتەوی فەرهەنگی زمانی دایك هۆكاری فێربوونێكی دروستی زمانی دووهەمە ئەمەش لە ڕێگای ناساندنی تەواو و پراوپڕی چەمكەكانە لە زمانە دایكەكەدا.)) ( ئاڤێستاكەماڵەحمود، ٢٠١٦ ،ل43)، هەربۆیە لێكۆڵەران ئەوەیان پشتڕاستكردۆتەوە كە ((منداڵ باشتر فێری زمانی دووەم دەبێت ئەگەرزمانی دایكیان تەواوبێت، چونكە بە ئاسانی دەتوانێت هێماكان لە زمانی یەكەمەوە بگوازێتەوە بۆ زمانی دووەم.)) (عەبدلواحدموشیروشێرزادصەبری ،ل198 ) ( هەروەها زمانی دایك بە بنەماو پایەكانی سەرەكیی نەتەوە دادەنرێت، چونكە زمان بونیاتنانی نەتەوە پێكدەهێنێت ، بۆیە زمان لە پێناسەی نەتەوەدا بنەماو كۆڵەكەیەكی بەهێزی هەیە و فاكتەری ناساندنی نەتەوەیە، لەبارەی گرنگی زمانی دایكەوە كالیتۆن هاینەر( Haynar Kaliton)، دەڵێت: ((زمانی نەتوایەتی كاریگەرییەكی دوو چەندانەی هەیە، لە لایەكەوە پەیوەندیی پێكەوەلكانی ئەندامەكانی نەتەوە ئاساندەكات و كەلەپور و مێژووی نەتەوەكە دەپارێزێت، كە ئەدەب و بەهاو نەریت و بیرو باوەڕ دەگرێتەوە، ئەمەش لە كۆتاییدا هەستی تەبایی لای قسەپێكەرانی دروستدەكات، لە لایەكی تریشەوە زمانی نەتەوایەتی جەخت لەسەر ئەو جیاوازییانە دەكاتەوە، كە نەتەوەیەك لە نەتەوەیەكی تر جودادەكاتەوە.)) (كەمال مە عروف،٢٠٠٧، ل 23).

### گرنگی زمانی دایك:(Important of Mother Tongue)

بابەتی زمان بەگشتی و بابەتی زمانی دایك بەتایبەتی، وەك هەر بابەتێكی زانستی تر كۆمەڵێ گرنگی و بەهاو ئەركی هەیە، كە لەم خاڵانەی خوارەوە كورتكراونەتەوە:

1- زمانی دایك تاكە هۆكارە، كە پێیەكی لە مێشك و ئاوەزی مرۆڤدایەو پێیەكەی تریشی لە دەرەوەی مرۆڤدایەو ڕایەڵەی بەستنەوەی ئاوەزو جیهانی دەرەوەیە بەیەكترییەوە،لەبەرئەوەی زمان هەم سەرچاوەی مرۆڤسازییەو ئەركی گەورەو كرۆكی دەگێڕێت، بەوەی زانستی بنیاتنانی كەسێتی، كە بابەتێكە دەكەوێتە سەر چۆنێتی بەكاربردنی پێهێنەكانی، كە گرنگترنیان پێكهێنی بیرە، بەو واتایەی بنیاتنانی كەسێتی، كە ڕەهەندەكانی مرۆڤسازی و ژیانسازی لەخۆدەگرێت، لەسەر بنەمای جۆرو چۆنێتی تێكردە بیرییەكان بنیاتدەنرێت، لە ڕوانگەی ئەمەشەوە زمانی دایك، بەسەرچاوەی بنەڕەتی و كرۆكی بەدەستهێنانی بیرو بەهاو كۆزانین و فێربوون و پەیوەندیگرتن ....تاد،دانراوە، بۆیە زمان بەدیاریكەری مەعریفەو دنیابینی و ئەزمون و تێكۆشان و ڕەفتار و كەسێتی جیهانی ئاخێوەرانی دەستنیشانكراوە.

2- زمانی دایك نیشانەو ماركەیەكی بەهێزی ناسنامەی كلتوری و كۆمەڵایەتییە، وەبەهێزترین پێكهێنەری ناسنامەی نەتەوەییمانە.

3-زمانی دایك گوێزەرەوەی كلتور و بەهاو كۆزانیایی و هەست و بیروبۆچوون .....تاد.

4- زمانی دایك ڕایەڵەی بەستنەوەی نەوەكانە بەیەكترییەوە، بەرپرسە لەیەكگرتوویی ڕەگەزی و پاراستنی. ئەم بابەتە لە ئێستادا بۆ نەتەوەی زۆر هەستیاروگرنگە، دەبێت بە ئاگایانەوە مامەڵەی لەگەڵدا بكەین.

5- زمانی دایك كەرەستە و ئامرازی سەرەكییە كە مرۆڤ هەر لە منداڵییەوە بیری پێدەكاتەوە پێی فێردەبێت(فێری ژیان)و تەنانەت فێری چۆنیەتی بیركردنەوە دەبێت.

6- كامڵبوونی زمانی دایك سەرچاوەی سەرەكی زوو فێربوون و دروست فێربوونی زمانی دووەم و سێیەم و...ە.( شیلان عومەر،٢٠١٦، ل 2-3)

7- خوێندن بەزمانی دایك یارمەتی دەرێكی باشە لەسەركەوتنی منداڵ لەڕووی ئەكادیمی و زانستییەوە،چەمك وزانیارییەكان باشتر وەردەگرێت و تێدەگات، دەتوانێت باشتر گوزارشت لەناخی خۆی بكات.

8- زمانی دایك لەڕووی دەروونییەوە، هۆكارێكی باشە بۆ دەربڕینی هەست و سۆز بەرامبەر دەروپشت و یارمەتیدەرێكە بۆ گەیشتن بەهاوسەنگی دەروونی.(مهاباد كامل عبدالله، ٢٠١٥، ل 178)

لەبەر گرنگی زمانی دایك لە سیستەمی پەروەدەدا، ڕێكخراوی ( UNESCO) لەساڵی 1953 لە ڕاپۆرتی خۆیدا لە ژێرناوی (بەكارهێنانی زمانی دایك لە پەروەردەدا) خستیەڕوو (( شتێكی بەڵگە نەویستە كە باشترین زمانی فێركاری لە سیستەمی پەروەردە و فێركرندا زمانی دایكە، لەڕووی دەروونییەوە سیستەمێكی هێمایی پرواتایە كە لە هزرو ئاوەزی ئاخێوەراندا بەشێوەی خۆكرد (ئۆتۆماتیكی) كاردەكات بۆ دەربڕین و تێگەیشتن. وە لە ڕووی كۆمەڵایەتیشەوە، دەبێتە ناسنامە كۆمەڵایەتی و هۆكاری بەستنەوەی تاكە بە كۆمەڵگاكەیەوە. وە لەڕووی پەروەردەییشەوە، ئاخێوەرانی زمانی دایك لە ڕێگای زمانەكەیانەوە خێراتر فێدەبن بە بەراورد بە زمانێكی فێركاری نەناسراو)) (UNESCO,1953,P11) (جگە لەوەش زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا هەوڵدەدەن كە خوێندن بۆ منداڵان لە قۆناغی سەرەتاییدا بە زمانی دایك بێت، بۆ ئەوەی سیماو كلتوری نەتەوایەتی خۆی بناسێت، لەزۆربەی توێژینەوەكاندا توێژەران جەخت لەوە دەكەنەوە، بۆ ئەوەی كاریگەری زمانی بیانی لەسەر زمانی دایك نەبێت ئەوا پێویستە لە پاش تەمەنی (11-12) ساڵی منداڵ فێری زمانی دووەم (بیانی) بكرێت، وە بە پێویستی دەزانن لە تەمەنی (10-11) ساڵی بەتەنیا فێری زمانی دایكی ببێت،بۆ نموونەلە وڵاتی ئینگلترا وەزیری فێركردن بڕیارێكی دەركردووە،بە دواخستنی فێركردنی زمانی دووەم بۆ منداڵە ئینگلیزەكان هەتا تەمەنیان دەگاتە (11) ساڵی(یوسف شریف سەعید،٢٠١١، ل90)،بۆ ئەوەی بناغەی زمانەكەی تەواوبێت و

پاشان لەسەر ئەو بناغەیە زمانی تر بنیات بنرێت، چونکە قۆناغی سەرەتایی خوێندن، سەرەتای گەشەی عەقلی و معریفی منداڵە. ئەگەر هاتوو زمانێکی تریش بخوێنێت ئەوا منداڵەکە تووشی سەرلێشێوان دەبێت بەرامبەر بە دوو وات و دوو وشە و دوو هێما ودوو سیستەمی زمانی دەوەستێت.(دڵنیا نوری عبدالله، ٢٠١٥، ل10-11).

**زمانی پەروەردە: ( Educational Language)**

**چەمك وپێناسە و لیكدانەوە:**

زمانی پەروەردە ئەو زمانەیە کە بۆ بەشداریکردن و تێگەیاندنی بەرامبەر بە چەند کۆدێکی زمانیی لەپەروەردەدا بە کاردەهێنرێت، دەبێت مامۆستاو خوێندکار زمانێکی هاوبەشیان لە نوسین و خوێندنەوەداهەبێت، بو ئەوەی بتوانن لەیەکتری تێبگەن، لەم قۆناغەدا توانایەکی گونجاو بۆ دروستکردنی توانستێکی گونجاو گرنگە، دەبێت بابەتەکان ناوەڕۆکێکی ئەکادیمی و زانستی و پەروەردەییان هەبێت، زانست و زانیاری ببەخشرێت، بۆ ئەمەش ژینگەیەکی لەبار بۆ تێگەیاندن پێویستە کە گرنگترینیان زمانە لەگەڵ هۆیەکانی تێگەیاندن وەك وێنەو فیلم وتەلەفزیۆن و کۆمپیوتەرو داتاشۆ...هتد، فێربوون لە ژیانی هەرتاکیکدا پرۆسەیەکی گرنگە، بەڵام لەوەگرنگتر بیرهاتنەوە رەفتا و چالاکییە بەو زمانە، چونکە فێربوون و بیرهاتنەوە دوو پرۆسەی پەیوەستن بەیەکەوە، بیرهاتنەوە کاتێك دەبێت کە لەیادگەدا زانیارییەکان تۆمار کرابن، بەم پێیە فێربوون گوزارشتە لەدرککردنی زانیارییەکان و تۆمارکردن و وەرگرتنیان لە یادگەدا، لەکاتی پێویستدا بهێنرێنەوە بیر و بەکاربهێنرێن.( ناهیدە رەحمان خلیل،٢٠١٣،ل63) فێربوون و فێرکردن دوو کایەی گرنگن لە سیستەمی پەروەردەدا، پەیوەندییان بە زمانەوە لە نێو ئەو سیستەمەداپەیوەندییەکی تەواوکارانەیە، بەبێ رۆڵی زمان ناتوانرێت باس لە سەرخستنی پەروەردەیەکی تەندروست و سەرکەوتوو بکرێت، وە زمان و پەروەردەش دوو تەوەری گرنگی سایکۆلۆژیایی زمانن، بە بۆچوونی لارس مێڵێن ((سایکۆلۆژیای زمان ئەو توێژینەوە زانستییە هەمە لایەنەیە، کە هەوڵدەدات، نەخشەی چۆنییەتی قسەکردن، بیستن، نووسین، خوێندنەوە و بیرکردنەوەی مرۆڤ بکێشێت)) (لارس مێلین،٢٠١٠، ل9) گەر بەپێی ئەو چەمکانەی سایکۆلۆیای زمان لە پێگەی زمان لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن وردبینەوە، ڕۆڵ وگرنگی زمانمان بۆ دەردەکەوێت لەپرۆسەی پەروەردە و فێرکردنێکی تەندروستدا چونکە پەروەردە و فێرکردن پشت بەچەند بنەمایەك دەبەستێت،کە هەریەك لە بیستن و ئاخاوتن و نوسین و خوێندنەوە رۆڵی گەورەیان تێدا هەیە(حسین اسماعیل و دارا حمید ،٢٠١٣،ل134)، ئاشکرایشە زمان باشترین هۆکاری گەیاندن وپەیوەندیکردنە بۆ گواستنەوەی چەمك و زانیاریی و چالاکییەکانی ناو پۆل لەنێوان مامۆستایان و خوێندکاران. بە پێی زمانی پرۆگرام و زمانی فێرکاری لە ناوەندەکانی خوێندن، چەند جۆرێکی پەروەردەی زمانی بەدیدەکرێت، لەوانە پەروەردەی تاکزمانی و پەروەردەی جوتزمانی، کە لەخوارەوە بە کورتی ئاماژە بە هەریەکەیان دەکەین:

**پەروەردەیی تاك زمانی : (Monolingual Education)**

مەبەست لەپەروەردەی تاك زمانی،بەکارهێنانی زمانێکی نەتەوەیی و فەرمییە لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندندا. بەتایبەتی قۆناغی سەرەتایی کە لە قۆناغەکانی خوێندنی منداڵدا بە کۆڵەکەیەکی سەرەکی لە بنیاتی زمان دادەنرێت، بەو چەشنەی بە فێربوونی زمانەکەی بە نوسین و خوێندن و ئاخاوتن بەپێی پرۆگرامێکی نیشتیمانی دەست پێبکات، کە مامۆستایانی پسپۆر و شارەزای بواری پەروەردە زانیاری پێشکەش دەکەن. بەڵام ئەوەی لەم قۆناغەدا گرنگە، ئەوەیە کە منداڵ سەرەتا بە ناسینی لایەن و ئاستە جیاوازەکانی سیستەمی زمانەکەی دەست پێبکات، کە لەگەڵ ئاستی پیشکەوتنی خوێندن لە لایەك و لەلایەکی ترەوە شێوازە زمانییەکان کە لێرەدا دەیانناسێتەوە و بەرفراوانتربووە، شیاوبێت، بۆ ئەوەی ببێتە ببێتە تێکستێکی تەاو لە کلتورو رۆشنبیری و شاکارە ئەدەبییەکانی نەتەوەکەیدا، بەو شێوەیەی کە پسپۆرانی پلانی پەروەردەیی پێیان باشە و لە پرۆگرامە زمانییەکاندا دایانناوە(عبدالنبي اصطيف، ٢٠١١،ص218). هەروەها پەروەردەیی تاك زمان فێربوونی كارامەیی زمان: گوێگرتن ، قسەکردن، خوێندنەوە و نووسین دەگرێتەوە.(Ludoverhoeven، ١٩٨٨، P269) بۆ نموونە لە سیستەمی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، جگە لە خوێندنگا تایبەتەکان و ئەو خوێندنگایانەی بابەتەکانی زانست و بیرکاری تیایاندا کراوە بە ئینگلیزی،وە ئەو خوێندنگایانەی کە تایبەتن بە کەمە نەتەوایەتییەکان وەکو تورکمان و سریانی ئەگینا سەرجەم خوێندنگاکان سیستەمی تاکزمانی تێیاندا پەیڕەو دەکرێت، زمانی کوردی زمانی پرۆگرام و وانە وتنەوەیە.

**پەروەردەی جوتزمانی -(Bilingual Education)**

پەروەردەی جوتزمانی وەکو لە ناوەکەیەوە دیارە، بەکارهێنانی دوو زمانە بۆ مەبەستی فێرکردن، کە دەبنە زمانی پرۆگرام و زمانی وانەوتنەوەی بابەتە زانستی و ئەکادیمییەکان لە ناوەندەکانی خوێندن لە سیستەمی پەروەردەیی وڵاتێکدا. ((پەروەردەی جوتزمانی جیاوازە لە پەروەردەی زمانی سونەتی (Language Education Traditional)کە تێیدا بابەتێك وەك زمانی دووەم(زمانی بیانی) دەوترێتەوە بۆ بەمەبەستی فێربوونی خوودی زمانە بیانییەکەیە، زیاتر جەخت دەکرێتەوە لەسەر کارامەیی (گوێگرتن، قسەکردن، خوێندنەوە و

نوسین)، بەڵام لە پەروەردەی جوتزمانیدا، هەردوو زمانەکە دەبنە زمانی فێرکاری بابەتە زانستی و ئەکادیمییەکان)) .(Ofelia Gracia and Heather Homonof,،٢٠١٧،P134)

**(لایەنی مەیدانی توێژینەوە)**

تەوەری یەکەم:

**کاریگەری خوێندنی بابەتەکانی (زانست، بیرکاری) بەزمانی ئینگلیزی لەسەرزمانی دایك**

(أ): دیدی مامۆستایان لەسەر خوێندنی بابەتە فێرکاریەکان بەزمانەکانی (کوردی، ئینگلیزی).

خشتەی ژمارە (3)

| 1.پێتباشە بابەتە فێرکارییەکان بەکام زمان بخوێنرێت؟ | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی % | پلە |
|---|---|---|---|
| زمانی کوردی | 62 | 53.4 | یەکەم |
| زمانی ئینگلیزی | ٥٤ | 46.6 | دووەم |

بەپێی ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (3)، پلەی یەکەمی مامۆستایان بەڕێژەی (53.4%) پێیانباشە بابەتە فێرکارییەکان لەقۆناغی بنەڕەتی بەزمانی کوردی بخوێنرێن، لەبەرامبەر ئەوەشدا؛ پلەی دووەم و بەڕێژەی (46.6%) بەپێچەوانەوە پێیانباشە ئەو بابەتانە بەزمانی ئینگلیزی بخوێنرێن. هەردوو ڕێژەکە لەیەکەوە نزیکن و ئاماژەن بۆئەوەی کە خوێندنی بابەتە فێرکاریەکان بە هەریەك لەو زمانانە لایەنی باش و خراپی خۆی هەیە و ناتوانرێت هیچ یەکێکیان بەلاوەبنرێت و بەهەند وەرنەگیرێت.

توێژەر بەبەکارهێنانی ڕێگەی (کای سکوێر –Chi-Square)، شیکردنەوەی بۆ بەراوردی جیاوازی نێوان ڕەگەز(نێر، مێ) ی بەرتوێژان لەگەڵ تێڕوانینیان بۆ خوێندنی بابەتە فێرکاریەکانی (زانست، بیرکاری) بەزمانی ئینگلیزی لەقۆناغی بنەڕەتی ئەنجامدا، دەرکەوت جیاوازیەکان زۆرنەبون و بەشێوەیەك لەڕووی ئاماریەوە گرنگ نەبون(**p>0.05**) ، بەومانایەی کە هەردوو ڕەگەز هەمان تێڕوانینیان بۆ بابەتە هەبووە.

لەئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (4)، بەڕوونی دەردەکەوێت کە جیاوازی لەتێڕوانینی مامۆستایان بەپێی جۆری دامەزراندنەکەیان (هەمیشەیی، وانەبێژ) هەیە، بەرامبەر بە خوێندنی بابەتە فێرکاریەکانی (زانست، بیرکاری) بەزمانەکانی (کوردی یاخود ئینگلیزی). وەك دەرکەوتوە؛ مامۆستایانی (هەمیشەیی) بەپلەی یەکەم لەگەڵ خوێندنی ئەو بابەتانەن بەزمانی (کوردی)، نەوەك زمانی ئینگلیزی، بەڵام بەپێچەوانەی ئەوەوە، مامۆستایانی وانەبێژ بەپلەی یەکەم ڕوانگەیان وایە ئەو بابەتانە بەزمانی (ئینگلیزی) بخوێنرێن. ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە جۆری دامەزراندن پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەتێڕوانینی مامۆستایان بۆ خوێندنی بابەتە فێرکاریەکانی (زانست، بیرکاری) لەقۆناغی بنەڕەتی بەزمانی (کوردی) یاخود (ئینگلیزی)یەوە هەیە.

**خشتەی ژمارە (4): جیاوازی تێڕوانینی مامۆستایان بەپێی جیاوازی جۆری دامەزراندنیان دەربارەی خوێندنی بابەتە فێرکارییەکان بەزمانی (کوردی، ئینگلیزی)**

| برگە | | | جۆری دامەزراندن | | تێکرا |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | هەمیشەیی | وانەبێژ | |
| پێتباشە بابەتە فێرکارییەکان بەکام زمان بخوێنرێت؟ | زمانیکوردی | د | 58 | 4 | 62 |
| | | % | 93.5 | 6.5 | 100 |
| | زمانی ئینگلیزیی | د | 17 | 37 | 54 |
| | | % | 31.5 | 68.5 | 100 |
| | کۆی گشتی | | 75 | 41 | 116 |

**کاریگەرییەکانی خوێندنی بابەتەفێرکارییەکان (بیرکاری، زانست) بەزمانی ئینگلیزی، لەسەرزمانی دایك.**

لە ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (5)ەوە: زۆرینەی مامۆستایان پێیانوایە؛ خوێندنی بابەتە فێرکارییەکان بە زمانی ئینگلیزی لەقۆناغی بنەڕەتی، هۆکارێکە بۆ لاوازکردنی هەستی نەتەوایەتی لای خوێندکاران و شێواندنی کلتوری کوردی. هەروەها بەرتوێژان پێیانوایە؛ گرنگیدان بەخوێندنی بابەتە فێرکاریەکان بەزمانی ئینگلیزی، کاریگەری نەرێنی لەسەربیرو تێڕوانینی خوێندکار دروستدەکات و وایلێدەکات؛ بەچاوێکی کەم سەیری بابەتی زمانی کوردی بکات. زۆرینەی نمونەی توێژینەوەکە تێڕوانینیان بەشێوەیەکە کەسەرباری ئەوەی خوێندنی ئەوبابەتە فێرکاریانە لایەنی نەرێنی زۆری هەیە، بەڵام لەبنەڕەتدا؛ نابێتە هۆی ئەوەی کاریگەری نەرێنی لەسەر زمانی دایك هەبێت، بەڵکو گەشەی زمانی دایك لای منداڵانی کورد دوادەخات. زۆرینەی مامۆستایان پێشیانوانیە کە بە ئینگلیزکردنی بابەتە فێرکارییەکان لە قۆناغی بنەڕەتی نابێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی یاسا زمانییەکانی زمانی کوردی لە نێو ئاوەزی(عەقڵا) ئاخێوەری کورد.

توێژەر بەبەکارهێنانی ڕێگەی (کای سکوێر(Chi-Square– ، شیکردنەوە بۆ دەرخستنی پەیوەندی نێوان بڕگەکانی پەیوەست بەزانیاریە تایبەتەکان لەگەڵ وەڵامی بەرتوێژان ئەنجامدا، گەیشت بەم ئەنجامە زانستیانەی خوارەوە:-

یەکەم: لەڕووی بابەت (بیرکاری، زانست): هیچ جیاوازیەکی ئاماری لەنێوان ڕوانگەی مامۆستایانی ئەو دوو وانەیە نەبوو($p>0.05$)، لەسەر هەر پێنج پرسیاری خشتەی ژمارە (چوار و پێنج)، واتە: مامۆستایانی (زانست، بیرکاری)، هەمان ڕاوبۆچونیان هەیە لەسەر سەرجەم پرسیارەکانی ئەو تەوەرە هەیە.

دووەم: لەڕووی (خوول بینین): هیچ جیاوازیەکی ئاماری نەبوو($p>0.05$)لەنێوان ڕوانگەی ئەو مامۆستایانەی کە بەشداریان

سێیەم: لەڕووی (جیاوازی تەمەن): جیاوازی ئاماری گرنگ بەرچاو بەدەرکەوت($p<0.05$)لەڕوانگەی مامۆستایان بەرامبەر هەر (پێنج) پرسیارەکەی تەوەری یەکەم بەپێی جیاوازی تەمەنیان، بەشێوەیەك ئەو مامۆستایانەی تەمەنیان کەمترە (گەنجترن)، پێیانباشبوکەبابەتە فێرکاریەکان بەزمانی ئینگلیزی لەناوەندەکانی لەخولی بەهێزکردنی تواناکانی مامۆستایان لە وتنەوەی بابەتەکانی (زانست، بیرکاری) کردووە، لەگەڵ ئەو مامۆستایانەی بەشداری ئەو خوولەیان نەکردوە، بەومانایەی هەردوولایان هەمان تێڕوانینیان لەسەر پرسیارەکانی تەوەری یەکەم هەیە.

خوێندنی بنەڕەتی بخوێنرێن، هەروەك هاوڕانەبوون لەگەڵ مامۆستایانی بەتەمەن لەسەر کاریگەری نەرێنی خوێندنی بابەتە فێرکاریەکان بەزمانی ئینگلیزی لەسەرزمانی دایك .

چوارەم: لەڕووی (ساڵانی خزمەت) و (جۆری دامەزراندن: هەمیشەیی، میلاك): بەپێی ساڵانی خزمەت جیاوازی ئاماری گرنگ هەبوو($p<0.05$)لەتێڕوانینی مامۆستایان بەرامبەر بە خوێندنی بابەتە فێرکاریەکان بەزمانی ئینگلیزی. ئەوانەی کە ساڵانی خزمەتیان کەمتر بوو (وانەبێژ)، پێیانباشبوئەو بابەتانە بەزمانی ئینگلیزی بخوێنرێت، هەروەها پێیان وانەبوو کە خوێندنی ئەو بابەتانە بەزمانی ئینگلیزی کاریگەری نەرێنی بکاتە سەر زمانی دایك بەپێچەوانەی مامۆستایانی (میلاك – هەمیشەیی.)

پێنجەم: لەڕووی (جۆری بڕوانامە)ەوە: جیاوازی ئاماری گرنگ هەبوو($p<0.05$)لەنێوان مامۆستایانی هەڵگری بڕوانامەی (دبلۆم) لەگەڵ هەڵگرانی بڕوانامەی (بەکالۆریۆس). ئەو مامۆستایانەی هەڵگری بڕوانامەی (بەکالۆریۆس) بوون، پێیانباش بوو بابەتە فێرکارییەکان بەزمانی ئینگلیزی بخوێنرێن، هەروەك پێشیان وانەبوو خوێندنی بابەتە فێرکاریەکان بەزمانی ئینگلیزی کاریگەری نەرێنی لەسەر زمانی دایك هەبێت، بەپێچەوانەی تێڕوانینی مامۆستایانی هەڵگری بڕوانامەی (دبلۆم).

**خشتەی ژمارە (5):کاریگەرییەکانی خوێندنی بابەتەفێرکارییەکان (بیرکاری، زانست) بەزمانی ئینگلیزی، لەسەر زمانی دایك**

| بڕگە | زۆر لەگەڵیدام | | لەگەڵیدام | | دڵنیانیم | | لەگەڵیدانیم | | هەرگیز لەگەڵیدانیم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | % | د | % | د | % | د | % | د | % |
| 2. بە ئینگلیزیکردنی بابەتە فێرکارییەکان لە قۆناغی بنەڕەتی کاریگەری نەرێنی هەیە، دەبێتە هۆی لاوازکردنی هەستی نەتەوایەتی لای خوێندکاران و شێواندنی کلتوری کوردی | 17 | 14.7 | 38 | 32.8 | 27 | 23.3 | 15 | 12.9 | 19 | 16.6 |
| 3 . بە ئینگلیزکردنی بابەتە فێرکارییەکان لە قۆناغی بنەڕەتی کاریگەریی نەرێنی لەسەر زمانی دایك هەیە، دەبێتە هۆی دواخستنی گەشەی زمانی دایك لای منداڵ . | 17 | 14.7 | 31 | 26.7 | 5 | 4.3 | 40 | 34.5 | 23 | 19.8 |
| 4.. بە ئینگلیزکردنی بابەتە فێرکارییەکان لە قۆناغی بنەڕەتی کاریگەریی نەرێنی لەسەر زمانی دایك هەیە، دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی یاسا زمانییەکانی زمانی کوردی لە نێو ئاوەزی(عەقڵی) ئاخێوەری کورد | 13 | 11.2 | 34 | 29.3 | 8 | 6.9 | 37 | 31.9 | 24 | 20.7 |
| 5. گرنگیدان بەبابەتەکانی (زانست، بیرکاری) بەزمانی ئینگلیزی کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر بیرو تێڕوانینی خوێندکاردروستدەکات، وای لێدەکات بەچاوێکی کەم سەیری بابەتی زمانی کوردی بکات. | 20 | 17.2 | 35 | 30.2 | 10 | 8.6 | 32 | 27.6 | 19 | 14.4 |

**تەوەری دووەم: ئاستەنگەکانی بەئینگلیزیکردنی بابەتەکانی (زانست، بیرکاری) لەبەردەم پرۆسەی فێرکردن و فێربوونلێکەوتەکانی خوێندنی بابەتە فێرکاریەکانی بەزمانی ئینگلیزی**

-پلەی یەکەمی مامۆستایان بەرێژەی (45.7%) لەگەڵئەوەدان کە قوتابیان دروستدەکات. بەزۆری لەچەمك و زاراوەکان تێناگەن یان تووشی هەڵە تێگەیشتن دەبن

-پلەی یەکەمی بەرتوێژان بەرێژەی (35.3%) لەگەڵئەوەدان کە زمان و ناوەڕۆکی دەقەکانی نێو پەرتووك (تێکستبووك) ی بابەتەکانی (زانست ، بیرکاری) لە ئاستی توانا و تەمەنی قوتابیان نییە هەربۆیە قوتابیان لاوازی ئاستی توانای زمانی ئینگلیزی قوتابیان هۆکارە لە دروستبوونی کێشەی کرداری گەیاندن و هەڵەتێگەیشتن لە نێوان مامۆستایان و بەپێی ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (6):

-سەبارەت بەوەی کە بەهۆی وتنەوەی بابەتەکانی (زانست، بیرکاری) بە زمانی ئینگلیزی، قوتابیانلە ناو پۆلدا توشی فشار (سترێس) و سەرلێشێواو دەبن، وەکچۆن (7.26%) مامۆستایان لەگەڵیدان، بەهەمانشێوەش (7.26%)ی مامۆستایان لەگەڵ ئەوەدانین کە ئەو ئاستەنگە رووبەروی قوتابیانبێتەوە لەمیانی خوێندنی بابەتە فێرکاریەکان بەزمانی ئینگلیزی.

-زۆرینەی مامۆستایان بەپلەی یەکەم و بەرێژەی (31.9%) لەگەڵئەوەدان کە بەهۆی بە ئینگلیزیکردنی بابەتەکانی (زانست ، بیرکاری) رێژەیەکی کەمی خوێندکاران بەشداریدەکەن لە پرسیارکردن، وەڵامدانەوە، گفتوگۆو چالاکییەکانی ناو پۆل.

-زۆرینەی مامۆستایان بەرێژەی (31.9%) هاوڕان لەسەر ئەوەی کە قوتابیان بەهۆی بە ئینگلیزیکردنی بابەتەکانی (زانست ، بیرکاری) کێشەی تێنەگەیشتنیان لە پرسیارەکانی تاقیکردنەوە بۆ پەیدادەبێت بەمەش کاریگەرییەکی خراپ لەسەر ئەنجام و نمرەی فێرخوازان دروستدەبێت.

-زۆرینەی نمونەی توێژینەوەکە بەرێژەی (40.5%) زۆر لەگەڵئەوەدان کە بەهۆی لاوازی توانای ئاستی زمانی ئینگلیزی قوتابیان مامۆستا ناچارە چەندجارە رونکردنەوە لەسەر چەمك و زاراوە و ناوەڕۆکی بابەتەکان بدات بۆ مەبەستی تێگەیشتن، ئەمەش کاریگەرییەکی خراپ لەسەر پلانی وانەوتنەوە و تەواونەکردنی پرۆگرام لەکاتی دیاریکراودا دروستدەکات.

-پلەی یەکەمی بەشداربووانی راپرسیەکە بەرێژەی (38.8%)لەگەڵئەوەدانین کە وتنەوەی بابەتەکانی (زانست ، بیرکاری) بەزمانی ئینگلیزی ژینگەیەکی پڕ ژاوەژاو و کۆنترۆڵ نەکراو بەرهەم بهێنێت.

-بەپێی ئەنجامەکان (34.5%)ی مامۆستایانی بەشداربووی راپرسیەکە پێیانوایە: ئەو زانیاریە بەدەستهێنراوانەی کە قوتابیان لە کاتی وانەوتنەوە دا لە رێگای زمانی ئینگلیزییەوە وەریانگرتووە دەرەنگتر بەیادی دێتەوە، وەك لەوەی بە زمانی دایکی وەریگرتبێت. توێژەر بەبەکارهێنانی رێگەی (کای سکوێر –Chi-Square)، شیکردنەوە بۆ دەرخستنی پەیوەندی نێوان بڕگەکانی پەیوەست بەزانیاریە تایبەتەکان لەگەڵ وەڵامی بەرتوێژان بۆ بڕگەکانی (تەوەری دووەم) ئەنجامدا، گەیشت بەم ئەنجامە زانستیانەی خوارەوە:-

-جیاوازی رەگەز (نێر، مێ) هیچ رۆڵێکی لەتێروانین و روانگەی مامۆستایان بەرامبەر بە هیچ یەکێك لەبڕگەکانی تەوەری دووەم نەهێنایە ئاراوە.

-جیاوازی تەمەن لەنێوان نموونەی توێژینەوەکە، ئاماژەی ئاماری گرنگی دەرخست**(p<0.05)**، ئەوانەی تەمەنیان لەنێوان (36-40) ساڵ بوو،تێڕوانینان بۆ بڕگەکان بەراورد بە هەموو تەمەنەکانی تر جیاوازتر بوو. بەشێوەیەك لەگەڵ ناوەڕۆکی بڕگەکانی ژمارە (1،2،3،4) بوون، هەروەها بۆ بڕگەکانی ژمارە (5،6،8) زۆر لەگەڵیدابوون، هەرچی تێڕوانین و روانگەشیانە بۆ بڕگەی ژمارە (7) بە (لەگەڵیدانیم) وەڵامیانداوەتەوە، ئەوەش پێچەوانەی وەڵامی تەمەنەکانی ترە بۆ ئەو بڕگەیە.

- لەرووی بابەت (بیرکاری، زانست): هیچ جیاوازیەکی ئاماری گرنگ بەرچاو نەکەوت**(p>0.05)**، واتە: مامۆستایانی وانەکانی (بیرکاری، زانست)، هەمان راوبۆچونیان لەسەر ناوەڕۆکی تەواوی بڕگەکانی تەوەری دووەم هەبوو.

-لەرووی (خوول بینین): هیچ جیاوازیەکی ئاماری گرنگ بەرچاو نەکەوت**(p>0.05)**، واتە: ئەو مامۆستایانەی کە بەشداریان لەخولی بەهێزکردنی تواناکانی مامۆستایان لە وتنەوەی بابەتەکانی (زانست، بیرکاری) کردوە، لەگەڵ ئەوانەشی کە بەشداری ئەو خولەیان نەکردوە، هەمان راوبۆچونیان لەسەر ناوەڕۆکی تەواوی بڕگەکانی تەوەری دووەم هەبو.

-لەرووی (ساڵانی خزمەت): ئەو مامۆستایانەی کە ساڵانی خزمەتیان لەنێوان (5-15) ساڵدایە، جیاوازی ئاماری گرنگیان لەڕوانین بۆ ناوەڕۆکی بڕگەکانی (1،2،3،4،5،7،6) لەگەڵ ئەو مامۆستایانەی تر هەبوو **(p<0.05)**، بەڵام جیاوازیەکە بۆ ناوەڕۆکی بڕگەی ژمارە (8) لەرووی ئامارییەوە گرنگ نەبوو**(p>0.05)**.

-لەرووی (جۆری دامەزراندن: هەمیشەیی، میلاك): مامۆستایانی هەمیشەیی بەراورد بە مامۆستایانی وانەبێژ، زیاتر لەگەڵ ناوەڕۆکی بڕگەکانی ژمارە (1،2،3،4،5،7) ن، هەروەها بەرامبەر بە ناوەڕۆکی بڕگەکانی ژمارە (6،8)، بژاردەی (زۆرلەگەڵیدام)یان هەڵبژاردووە.

- لەرووی (جۆری بڕوانامە)ەوە: لەئەنجامەکانەوە جیاوازی ئاماری گرنگ پێشچاو دەکەوێت**(p<0.05)**، بەجۆرێك هەڵگرانی بڕوانامەی (دبلۆم)، زیاتر لە مامۆستایانی هەڵگری بڕوانامەی (بەکالۆریۆس)، لەگەڵ ناوەڕۆکی بڕگەکانی ژمارە (1،2،3،5،7) دان و هەروەها بۆ بڕگەکانی ژمارە (4،6،8) یش بژاردەی (زۆر لەگەڵیدام) یان

هەڵبژاردووە، ئەوەش بەپێچەوانەی هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆسە.

**خشتەی ژمارە (6): ئاستەنگەکانی بەئینگلیزیکردنی بابەتەکانی (زانست، بیرکاری) لەبەردەم پرۆسەی فێرکردن و فێربوون**

| بڕگە | زۆر لەگەڵیدام | | لەگەڵیدام | | دڵنیانیم | | لەگەڵیدانیم | | هەرگیز لەگەڵیدانیم | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | د | % | د | % | د | % | د | % | د | % |
| 1.لاوازی ئاستی توانای زمانی ئینگلیزی قوتابیان هۆکارە لە دروستبوونی کێشەی کرداری گەیاندن و هەڵەتێگەیشتن لە نێوان مامۆستایان و قوتابیان دروستدەکات. | 27 | 23.3 | 53 | 45.7 | 8 | 6.9 | 19 | 16.4 | 9 | 7.8 |
| 2.زمان و ناوەڕۆکی دەقەکانی نێو پەرتووک (تێکستبووک) ی بابەتەکانی (زانست ، بیرکاری) لە ئاستی توانا و تەمەنی قوتابیان نییە هەربۆیە قوتابیان بەزۆری لەچەمک و زاراوەکان تێناگەن و تووشی هەڵە تێگەیشتن دەبن. | 32 | 27.6 | 41 | 35.3 | 6 | 5.2 | 30 | 25.9 | 7 | 6 |
| 3.بەهۆی وتنەوەی بابەتەکانی (زانست، بیرکاری) بە زمانی ئینگلیزی، قوتابیان لە ناو پۆلدا توشی فشار( سترێس) و سەرلێشێوان دەبن. | 22 | 19 | 31 | 7.26 | 18 | 15.5 | 31 | 7.26 | 14 | 12.1 |
| 4.بەهۆی بە ئینگلیزیکردنی بابەتەکانی (زانست ، بیرکاری)ڕێژەیەکی کەمی خوێندکاران بەشداریدەکەن لە پرسیارکردن، وەڵامدانەوە، گفتوگۆ و چالاکییەکانی ناو پۆل. | 30 | 25.9 | 37 | 31.9 | 5 | 4.3 | 31 | 26.7 | 13 | 11.2 |
| 5.قوتابیان بەهۆی بە ئینگلیزیکردنی بابەتەکانی (زانست ، بیرکاری) کێشەی تێنەگەیشتنیان لە پرسیارەکانی تاقیکردنەوە بۆ پەیدادەبێت بەمەش کاریگەرییەکی خراپ لەسەر ئەنجام و نمرەی فێرخوازان دروستدەبێت. | 35 | 30.2 | 37 | 31.9 | 7 | 6 | 27 | 23.3 | 10 | 8.6 |
| 6.بەهۆی لاوازی توانای ئاستی زمانی ئینگلیزی قوتابیان مامۆستا ناچارە چەندجارە رونکردنەوە لەسەر چەمک و زاراوە و ناوەڕۆکی بابەتەکان بدات بۆ مەبەستی تێگەیشتن، ئەمەش کاریگەرییەکی خراپ لەسەر پلانی وانەوتنەوە و تەواونەکردنی پرۆگرام لەکاتی دیاریکراودا دروستدەکات. | 47 | 40.5 | 42 | 36.2 | 11 | 9.5 | 11 | 9.5 | 5 | 4.3 |
| 7.وتنەوەی بابەتەکانی (زانست ، بیرکاری) بەزمانی ئینگلیزی ژینگەیەکی پڕ ژاوەژاو و کۆنترۆڵ نەکراو بەرهەمدەهێنێت. | 15 | 12.9 | 23 | 19.8 | 11 | 9.5 | 45 | 38.8 | 22 | 19 |
| 8.ئەو زانیارییە بەدەستهێنراوانەی کە قوتابیان لە کاتی وانەوتنەوە دا لە ڕێگای زمانی ئینگلیزییەوە وەریانگرتووە درەنگتر بەیادی دێتەوە، وەک لەوەی بە زمانی دایکی وەریگرتبێت. | 34 | 29.3 | 40 | 34.5 | 8 | 6.9 | 26 | 22.4 | 8 | 6.9 |

**تەوەری سێیەم: گرنگی خوێندنی بابەتەکانی (زانست ، بیرکاری) بە زمانی ئینگلیزی.**

بەپێی ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (٧) زۆرینەی مامۆستایان لە گەڵ ئەوەدان کە خوێندنی بابەتەکانی (زانست، بیرکاری) بە زمانی ئینگلیزی گرنگە بە تایبەت لە ڕووی (ڕەخساندنی هەلیکار، خوێندن لە دەرەوەی وڵات و ئاشنابون بە زانست و تەکنەلۆجیا) بە بەکارهێنانی ڕێگەی (کای سکوێر- Chi-Square )، شیکردنەوە بۆ دەرخستنی پەیوەندی نێوان بڕگەکانی پەیوەست بە زانیاریە تایبەتەکان لەگەڵ وەڵامی بەرتوێژان بۆ بڕگەکانی (تەوەری سێیەم)ئەنجامدا، گەیشت بەم ئەنجامە زانستیانەی خوارەوە:-

سەبارەت بە گرنگی زمانی ئینگلیزی کە زمانی (زانست و تەکنەلۆجیایە لە ڕووی ئاماری ئاماژەیی ئامارییەوە فاکتەرەکانی (ڕەگەز، تەمەن، بابەت، بڕوانامە، بەشداریکردن لە خول، ساڵانی خزمەت و باری ئیداری) جیاوازی گرنگ لە نێوان مامۆستایان بەرچاونەکەوتوە**($p>0.05$)**.

سەبارەت بە خوێندنی بابەتەکانی ( زانست، بیرکاری) بەزمانی ئینگلیزی، بە مەبەستی خوێندن لە دەرەوەی وڵات لە داهاتودا، جیاوازی ئاماری گرنگ بە پێی تەمەن هەبوو($p<0.05$). واتا: ئەو مامۆستایانەی گەنجترن، ئەو بابەتانە بە زمانی ئینگلیزی بە گرنگتر دەزانن، وەک لە لەوانەی کە تەمەن و ڕاژەی کارکردنیان زیاترە.

دەربارەی گرنگی خوێندنی بابەتەکانی (زانست، بیرکاری) بە زمانی ئینگلیزی، کە یارمەتیدەرە بۆ گەشەی توانستی زمانی ئینگلیزی قوتابیان و ڕەخساندنی هەلی کار لە ئاییندەدا، جیاوازی ئاماری بەرچاوکەوت ($p<0.05$)، بەشێوەیەک ئەو مامۆستایانەی کە گەنجترن و ساڵانی خزمەتیان کەمترە و هەمیشەین، خوێندنی ئەو بابەتانە بە زمانی ئینگلیزی بە گرنگ دەزانن.

**خشتەی ژمارە (7): گرنگی خوێندنی بابەتەکانی (زانست ، بیرکاری) بە زمانی ئینگلیزی.**

| بڕگە | زۆر لەگەڵیدام د | زۆر لەگەڵیدام % | لەگەڵیدام د | لەگەڵیدام % | دڵنیانیم د | دڵنیانیم % | لەگەڵیدانیم د | لەگەڵیدانیم % | هەرگیز لەگەڵیدانیم د | هەرگیز لەگەڵیدانیم % |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1. خوێندنی بابەتەکانی (زانست، بیرکاری) بەزمانی ئینگلیزی گرنگە، چونکە زمانی ئینگلیزی زمانی زانست و تەکنەلۆجیایە. | 33 | 28.4 | 51 | 44,0 | 13 | 11,2 | 12 | 10.3 | 7 | 6,0 |
| 2. خوێندنی بابەتەکانی (زانست ، بیرکاری) بەزمانی ئینگلیزی گرنگە، چونکە بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا بەتایبەتی لە زانکۆکانی دەرەوەی وەڵات، پێویستە خوێندکار زمانی ئینگلیزی بزانێت. | 36 | 31,0 | 49 | 42.2 | 10 | 8.6 | 10 | 8.6 | 11 | 9.5 |
| 3. خوێندنی بابەتەکانی (زانست ، بیرکاری) بەزمانی ئینگلیزی، یارمەتیدەرە بۆ گەشەی توانستی زمانی ئینگلیزی قوتابیان و رەخساندنی هەلی کار لە ئاییندەدا. | 37 | 31.9 | 47 | 40,0 | 7 | 6,0 | 16 | 13.8 | 9 | 7.8 |

## ئەنجامەکان

**توێژینەوەکە بە چەند ئەنجامێکی زانستی گەیشتوە، لە گرنگترینیان:**

١ - ڕێژەی (53.4%) مامۆستایان پێیانباشە بابەتە فێرکارییەکان لەقۆناغی بنەڕەتی بەزمانی کوردی بخوێنرێن، لەبەرامبەر ئەوەشدا؛ بەڕێژەی (46.6%) پێیانباشە ئەو بابەتانە بەزمانی ئینگلیزی بخوێنرێن

٢ - زۆرینەی مامۆستایان، پێیانوایە؛ خوێندنی بابەتە فێرکارییەکان لەقۆناغی بنەڕەتی بە زمانی ئینگلیزی، دەبێتەهۆی لاوازکردنی هەستی نەتەوایەتی لای خوێندکاران و شێواندنی کلتوری کوردی.

٣ - بەرتوێژان، پێیانوایە؛ گرنگیدان بەخوێندنی بابەتە فێرکاریەکان بەزمانی ئینگلیزی، کاریگەری نەرێنی لەسەر بیرو تێڕوانینی خوێندکار دروستدەکات،سەرئەنجام وایلێدەکات؛ بەچاوێکی کەم سەیری بابەتی زمانی کوردی بکات.

- زۆرینەی نمونەی توێژینەوەکە تێڕوانینیان بەشێوەیەکە کەسەرباری ئەوەی خوێندنی ئەوبابەتە فێرکاریانە لایەنی نەرێنی زۆری هەیە، بەڵام لەبنەڕەتدا؛ کاریگەری نەرێنی لەسەر زمانی دایك نابێت لەرووی هەڵوەشاندنەوەی یاسا زمانییەکانی زمانی کوردی لە نێو ئاوەزی(عەقڵی) ئاخێوەری کورد، بەڵکو تەنها گەشەی زمانی دایك لای منداڵانی کورد دوادەخات.

٥ - زۆرینەی مامۆستایان لەو باوڕەدان لاوازی ئاستی توانای زمانی ئینگلیزی قوتابیان، هۆکارە بۆ دروستبوونی کێشەی کرداری گەیاندن و هەڵەتێگەیشتن لە نێوان مامۆستایان و قوتابیان.

٦- زۆرینەی مامۆستایان و بەڕێژەی (٦٣%) پێیانوایە؛ زمان و ناوەرۆکی دەقەکانی نێو پەرتووك (تێکستبووك) ی بابەتەکانی (زانست، بیرکاری) لە ئاستی توانا و تەمەنی قوتابیان نییە هەربۆیە قوتابیان بەزۆری لەچەمك و زاراوەکان تێناگەن یان تووشی هەڵە تێگەیشتن دەبن.

٧- زۆرینەی مامۆستایان بەپلەی یەکەم و بەڕێژەی (31.9%) لەگەڵئەوەدان کە بەهۆی بە ئینگلیزیکردنی بابەتەکانی (زانست، بیرکاری) ڕێژەیەکی کەمی خوێندکاران بەشداریدەکەن لە پرسیارکردن، وەڵامدانەوە، گفتوگۆو چالاکییەکانی ناو پۆل.

٨- مامۆستایان بەڕێژەی (31.9%) هاوڕان لەسەر ئەوەی کە قوتابیان بەهۆی خوێندنی بابەتەکانی (زانست ، بیرکاری) بە زمانی ئینگلیزی کێشەی تێنەگەیشتنیان لە پرسیارەکانی تاقیکردنەوە بۆ پەیدادەبێت بەمەش کاریگەرییەکی خراپ لەسەر ئەنجام و نمرەی فێرخوازان دروستدەبێت.

٩- زۆرینەی نمونەی توێژینەوەکە لەگەڵئەوەدان، بەهۆی لاوازی توانای ئاستی زمانی ئینگلیزی قوتابیان مامۆستا ناچارە چەندجارە رونکردنەوە لەسەر چەمك و زاراوە و ناوەڕۆکی بابەتەکان بدات بۆ

مەبەستی تێگەیشتن، ئەمەش کاریگەرییەکی خراپ لەسەر پلانی وانەوتنەوە و تەواونەکردنی پرۆگرام لەکاتی دیاریکراودا دروستدەکات.

١٠- پلەی یەکەمی بەشداربووانی ڕاپرسیەکە بەڕێژەی (38.8%) لەگەڵئەوەدانین کە وتنەوەی بابەتەکانی (زانست، بیرکاری) بەزمانی ئینگلیزی ژینگەیەکی پڕژاوەژاو و کۆنترۆڵ نەکراو بەرهەم بهێنێت.

١١- نزیکەی دوو لەسەر سێی مامۆستایانی بەشداربووی ڕاپرسیەکە، پێیانوایە: ئەو زانیارییە بەدەستهێنراوانەی کە قوتابیان لە کاتی وانەوتنەوە دا لە ڕێگای زمانی ئینگلیزییەوە وەریانگرتووە درەنگتر بەیادی دێتەوە، وەك لەوەی بە زمانی دایکی وەربگرتبێت.

١٢- پلەی یەکەمی مامۆستایان بەڕێژەیەکی ئێجگار بەرز پێیانوایە خوێندنی بابەتە فێرکارییەکان بەزمانی ئینگلیزی گرنگن بۆ مەبەستی ئەوەی کە (زمانی زانست و تەکنەلۆجیایە، بۆ خوێندن لەدەرەوەی وڵات و دۆزینەوەی هەلیکار).

١٣فاکتەرەکانی: (تەمەن، ساڵانی خزمەت، جۆری بڕوانامە و جۆری دامەزراندن) کاریگەریان لەسەر تێڕوانینی مامۆستایان بەرامبەر بە خوێندنی بابەتە فێرکارییەکانی (زانست، بیرکاری) بەزمانی ئینگلیزی هەیە، ئەو مامۆستایانەی کە تەمەن و ساڵانی خزمەتیان زیاترە و لەڕووی جۆری دامەزراندنەوە هەمیشەیین و هەڵگری بڕوانامەی (دبلۆم)ن، لەگەڵ خوێندنی ئەو بابەتانەن بەزمانی کوردی، بەپێچەوانەی ئەوەشەوە؛ ئەو مامۆستایانەی کە (وانەبێژن) و تەمەن و ساڵانی خزمەتیان کەمترە و هەڵگری بڕوانامەی (بەکالۆریۆس)ن، لەگەڵ خوێندنی بابەتە فێرکاریەکانن بەزمانی ئینگلیزی.

١٤- فاکتەرەکانی (بابەت، بەشداریکردن لەخوولی پەرەپێدانی زمانی ئینگلیزی)، هیچ کاریگەرییەکیان لەسەر تێڕوانین و ڕوانگەی مامۆستایان سەبارەت بە ڕادەی گرنگی خوێندنی بابەتەکانی (زانست، بیرکاری) بەزمانی ئینگلیزی نیە.

## پێشنیاز و ڕاسپاردەکان

**1**. گۆڕینی بڕیارلێدراوەکانی خوێندن (پرۆگرام و پەرتوکەکانی خوێندن) لە قۆناغی بنەڕەتیلە زمانی ئینگلیزییەوە بۆ زمانی دایك، بەپێچەوانەوە چەندین کاریگەری نەرێنی لەسەر لایەنەجیاوازەکانی پەیوەست بەهەستی نەتەوایەتی، ئاسایشی زمان، شێواندنی کەلتور، دواخستنی گەشەی زمان ..هتد، بەدوادا دێت.

2. وەزارەتی پەروەردە بە هەماهەنگی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە ڕێگەی شارەزایانی پەروەردە و پسپۆرانی زمانەوە گەشە بە توانای مامۆستایانی زمانی ئینگلیزی بدەن.لەگەڵ پێداچوونەوە بە پێداگۆجیی سیستەمی پەروەردە، بەتایبەتی ئەوەندەی پەیوەستە بە زمانی ئینگلیزی یەوە.

3. لە قۆناغی زانکۆیی بڕیار لە خوێندنی بابەتە ئەکادیمییەکان بە زمانی ئینگلیزی بدرێت بەتایبەتی لە بواری بەشە زانستییەکان ئەمەش پاش هەڵسەنگاندن و ئامادەکردنی زەمینەسازی تەواو لە بواری بابەتی و مرۆیی و شوێن..هتد .

**ب.لەنەگەری هێشتنەوەی سیستەمی خوێندنی بابەتەکانی (زانست، بیرکاری) بە زمانی ئینگلیزی لە قۆناغی بنەڕەتی،توێژەر پێشنیاز دەکات:**

**1**. وتنەوەی بابەتەکانی (زانست، بیرکاری) لەقۆناغی بنەڕەتی بەو مامۆستایانە بسپێردرێت کە هەڵگری بڕوانامەی (بەکالۆریۆس)ن.لە زانکۆ بابەتە ئەکادیمیەکانیان بە زمانی ئینگلیزی خوێندووە.

2. کردنەوەی بەشی (زانستەگشتیەکان) لەزانکۆی گەرمیان – کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت لەخوێندنی (بەیانیان – ئێواران)، لەگەڵ کردنەوەی بەشی (بیرکاری) لەخوێندنی بەیانیان بۆ خوێندکارانی دەرچوی پۆلی (12ی ئامادەیی)،و هەڵگرانی بڕوانامەی (دبلۆم)، بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی توانا مرۆیەکان لەوتنەوەی ئەو دوو وانەیەدا.

3.کردنەوە و بەشداریکردنی مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی لە (خولی شیاندن) بەمەبەستی ئاشنابون بەچۆنیەتی وتنەوەی بابەتەکانی (زانست، بیرکاری) بەزمانی ئینگلیزی لەناوەندەکانی خوێندنی بنەڕەتی و ماوەکەیشی لە (شەش) مانگ کەمتر نەبێت.

4.درێژکردنەوەی کاتی دەوامی قوتابیان لە قوتابخانەکان، چونکە لەو ماوە کورتەی کە ئێستا هەیە، ناتوانرێت پرۆسەی خوێندن بەباشی جێبەجێ بکرێت و پرۆگرامەکە بەشێوەیەکی زانستی و ستاندارد تەواوبکرێت.

5.کەمکردنەوەی ژمارەی قوتابیان لەپۆلەکان و دابینکردنی ژینگەیەکی دروست لەپۆل، هۆکاریکی گرنگنبۆ سەرکەوتنی سیستەمەکە.

6.دابینکردنی ژینگەیەکی لەبار بۆ خوێندن و دابینکردنی هۆیەکانی فێرکردن (هەبوونی کارەبای بەردەوام، داتاشۆ، تاقیگەی کیمیایی و بایەلۆجی،..هتد).

7.دەشێت لەڕێگەی توێژینەوەی زانستیەوە تێڕوانینی سەرپەرشتیارانی پەروەردە، بەخێوکارانی قوتابیان و مامۆستایان و قوتابیانی خوێندنگا تایبەت و ئەهلیەکان سەبارەت بە خوێندنی وانەکانی (زانست، بیرکاری) بە زمانی ئینگلیزی لەناوەندەکانی خوێندنی بنەڕەتی دیاریبکرێت.

8. دەکرێت لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری لەسەر تێڕوانینی مامۆستایانی قوتابخانە حکومیی و تایبەتەکان سەبارەت بەخوێندنی بابەتەکانی (زانست، بیرکاری) بەزمانی ئینگلیزی لەناوەندەکانی خوێندنی بنەڕەتی ئەنجام بدرێت.

## سەرچاوەکان


١- ئاڤێستا کەمال مەحمود، پێکداچوونەکانی نێوان فەرهەنگی ئاوەزیی و پەنا بەرێتی زمانیی،گۆڤاری زانکۆی سلێمانی،ژمارە (50) بەشی (B)، 2016.

٢- پەخشان سابیر حەمەد، زمانی دایك لە نێوان ئایین و ئەدەب وبایەخی نێونەتەوەییدا،یادکردنەوەی رۆژی جیهانی زمانی زکماگ،بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی،چاپی یەکەم،چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر،2013.

٣-جەمال حەسەن مینە: توانست و چالاکی زمان لای منداڵی کورد، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەدین، کۆلێژی زمان، هەولێر، 2013.

٤- حسين اسماعيل علی و دارا حميد محمد، سایکۆلۆژیای زمان و پەروەردەیی و گرفتەکانی پەروەردەییە،گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە(2)،2013.

٥-دڵنیا نوری عبداللە، ستراتیژیەتی فێربوونی زمانی دووەم (خوێندنی بنەڕەتی بەنموونە)، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەدین، هەولێر، 2015.

٦- رادیوی دەنگ:یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان،راپۆرتی چاودێری رەوشی پەروەردە، راپۆرتی ژمارە پانزە، گرفتەکانی گۆڕینی پرۆگرامی بابەتەکانی بیرکاری و زانست،کانوونیەکەمی٢٠١٨ (http://radiodang.org/detail.aspx?kod4it=2099)،رۆژی وەرگرتن (2019/3/20).

٧- سعد ابولبدة: مباديء القياس و التقويم التربوي للطالب الجامعي، كلية التربية، مطبعة جمعية عمال الطابع التعاونية،ط1،عمان، 1979.

٨-شیلان عومەر حوسێن، زمانی دایك وەك سەرچاوەیەکی بنیاتنانی کەسێتی،زانکۆی سلێمانی، 2015.

٩- شیلان عومەرحوسێن، داخورانی زمانی دایك،بنەماو پەسنکردن،گۆڤاری زانکۆی سلێمانی،ژمارە(50)،ئاياری 2016.

١٠- عەبدلواحد موشیر دزەیی و شێرزاد صەبری سلێڤانەیی، زمانەوانی سیاسی، چاپی یەکەم، 2013.

١١- عبدالنبي اصطيف، مؤثرات في اكتساب لغة الطفل: الاسرة والمدرسة والمجتمع، مجلة الممارسات الغوية، مخبر الممارسات الغوية في جزائر،جامعة مولود معمري، العدد(4)،2011.

١٢- فاروق الروسان: اساليب القياس والتشخيص في التربية الخاصة، دار الفكر للطابعة، ط1، عمان، 1999.

١٣- کەریم شەریف قەرەچەتانی،سایکۆلۆژیای زمانی منداڵ قۆناغی پێش چوونە قوتابخانە،بەشی باخچەکان، قۆناغی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم، هەوێر،2002.

١٤- کەمال مەعروف، رەخنەی نوێی کوردی، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی،2007.

١٥-لارس مێلین، سایکۆلۆژیای زمان، و.غازی فاتح خورشید، ئەکادیمیای کوردی، هەولێر،٢٠١٠.

١٦- Ludoverhoeven, Sociolinguistics and Education, Blackwell UK(The handbook of sociolinguistics, edited by: Florian Coulmas), 1998.

١٧- محمد صلاح الدين علي وفتحي عبد المقصود الديب، المناهج المدرسي: اسسه وتطبيقاتة التربوية، دارالقلم، ط4، كويت، 1977.

١٨- مەهاباد کامل عبداللە، زمانی دایك لە سیستەمی پەروەردەدا،گۆڤاری زانکۆی راپەرین، ژمارە(5)،بەرگ(2 )،2015.

١٩- ناهیدە رەحمان خلیل، زمان پژاندن و دیاردە سایکۆلۆژییەکانی زمانی کوردی، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی،2013.

٢٠- Henerson, M.,Morris, andGibbon,How to measure attitudes, Newbury park,CA: Sage,1987.

١٢- Handbook of Educational linguistics, Edit by Martha Bigelow and Johanna Ennser, First published, Third Avenu, New York, 2015

٢٢- UNESCO, The use of vernacular languages in education, Paris:UNESCO,1953.

٣٢- Ofelia Gracia and Heather Homonoff, Bilingual Education, The Rutledge

٢٤- یوسف شریف سەعید،زمانەوانی،چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر،2011.


## پاشکۆکان

1.پاشکۆی ژمارە (1)

ناوی ئەو خوێندنگایانەی کە تێیدا بابەتەکانی (زانست و بیرکاری) بە زمانی ئینگلیزی دەخوێنرێت.

**پاشکۆی ژمارە (2)**

ئاماری مامۆستایانی بابەتەکانی (زانست و بیرکاری) بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی کەلار و کفری بۆ ساڵی خوێندنی (2018-2019).

**أ. پەروەردەی کەلار:**

| ژ | بابەت | مامۆستا | میلاک | وانەبێژ | پسپۆر | ناپسپۆر |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | زانست | 47 | 27 | 20 | 20 | 27 |
| 2 | بیرکاری | 55 | 35 | 20 | 45 | 10 |

**ب. پەروەردەی کفری :**

| ژ | بابەت | مامۆستا | میلاک | وانەبێژ | پسپۆر | ناپسپۆر |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | زانست | 26 | 13 | 13 | 21 | 5 |
| 2 | بیرکاری | 35 | 26 | 9 | 31 | 4 |

**پاشکۆی ژمارە (3)**

**((فۆرمی ڕاپرسی))**

مامۆستای بەڕێز..

سڵاوی زانست....

ناوەڕۆکی ئەم فۆرمە لە کۆمەڵێك پرسیار پێکهاتووە، کەبەشێکە لە پێداویستیەکانی ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستی، بەناونیشانی (تێڕوانینی مامۆستایانی قۆناغی بنەڕەتی سەبارەت بە خوێندنی بابەتەکانی زانست و بیرکاری بە زمانی ئینگلیزی)، بەهیوای ئەوەی لەپێناو خزمەتکردن بەبواری زانست و لێکۆڵینەوە؛سەرجەم پرسیارو بڕگەکانی بخوێننیتەوە وبەشێوەیەکی ورد و دروست وەڵامیان بدەیتەوە .

تێبینی: ئامانج لەوەرگرتنی وەڵامەکان، تەنها بۆ مەبەستی کاری توێژینەوەی زانستییە، پێویست بەنووسینی ناو ناکات.

هاوکاریتان جێگەی ڕێزە..

م.ی. توێژەر: هەژارخداداد حسن / زانکۆی گەرمیان

**پرسیاری زانیارییە تایبەتییە کەسییەکان**

تکایە هێمای(√) ڕاست بۆ وەڵامی گونجاو لەناو یەکێك لە کەوانەکان دابنێ .

توخم(ڕەگەز) : نێر ○ مێ ○

تەمەن:(21-25)ساڵ ○ (26 -.3)ساڵ ○ (31-35)ساڵ ○ (36-40)(41بەرەوسەرەوە) ○

پسپۆری : .........................چی بابەتێك دەڵێیتەوە : زانست ○ بیرکاری ○

بڕوانامە : دبلۆم ○ بەکالۆریۆس ○

بەشداریکردن لەخولی بەهێزکردنی تواناکانی مامۆستایان لە وتنەوەی بابەتەکانی (زانست، بیرکاری)

بەڵی ○ نەخێر ○

*ئەگەروەڵامەکەت (بەڵێ) یە، ماوەی خوولەکە چەند بووە؟

یەك مانگ ○ دوو مانگ ○ سێ مانگ ○ زیاتر ○

ساڵانی خزمەت : کەمتر لە ( 5)ساڵ ○ ( 5 -15) ساڵ ○ زیاتر لە (15) ساڵ ○

جۆری دامەزراندن: وانەبێژ ○ میلاك ○

**تەوەری یەکەم: کاریگەری خوێندنی بابەتەکانی (زانست، بیرکاری) بەزمانی ئینگلیزی لەسەرزمانی دایك.**

1- پێتباشە بابەتە فێرکارییەکان بەکام زمان بخوێنرێت؟

زمانی کوردی ○ زمانی ئینگلیزی ○

2- بە ئینگلیزیکردنی بابەتە فێرکارییەکان لە قۆناغی بنەڕەتی کاریگەری نەرێنی هەیە، دەبێتە هۆی لاوازکردنی هەستی نەتەوایەتی لای خوێندکاران و شێواندنی کلتوری کوردی.

زۆر لەگەڵیدام ○ لە گەڵیدام ○ دڵنیانیم ○ لە گەڵیدانیم ○ هەرگیز لەگەڵیدانیم ○

3- بە ئینگلیزکردنی بابەتە فێرکارییەکان لە قۆناغی بنەڕەتی کاریگەریی نەرێنی لەسەر زمانی دایك هەیە، دەبێتە هۆی دواخستنی گەشەی زمانی دایك لای منداڵ .

زۆر لەگەڵیدام ○ لە گەڵیدام ○ دڵنیانیم ○ لە گەڵیدانیم ○ هەرگیز لەگەڵیدانیم ○

4 - بە ئینگلیزکردنی بابەتە فێرکارییەکان لە قۆناغی بنەڕەتی کاریگەریی نەرێنی لەسەر زمانی دایك هەیە، دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی یاسا زمانییەکانی زمانی کوردی لە نێو ئاوەزی(عەقڵی) ئاخێوەری کورد.

زۆر لەگەڵیدام ○ لە گەڵیدام ○ دڵنیانیم ○ لە گەڵیدانیم ○ هەرگیز لەگەڵیدانیم ○

5-گرنگیدان بەبابەتەکانی (زانست ، بیرکاری) بەزمانی ئینگلیزی کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر بیرو تێڕوانینی خوێندکاردروستدەکات، وای لێدەکات بەچاوێکی کەم سەیری بابەتی زمانی کوردی بکات.

زۆر لەگەڵیدام ○ لە گەڵیدام ○ دڵنیانیم ○ لە گەڵیدانیم ○ هەرگیز لەگەڵیدانیم ○

**تەوەری دووەم: ئاستەنگەکانی بەئینگلیزیکردنی بابەتەکانی زانست و بیرکاری لەبەردەم پرۆسەی فێرکردن و فێربوون**

1- لاوازی ئاستی توانای زمانی ئینگلیزی قوتابیان هۆکارە لە دروستبوونی کێشەی کرداری گەیاندن و هەڵەتێگەیشتن لە نێوان مامۆستایان و قوتابیان دروستدەکات.

زۆر لەگەڵیدام ○ لە گەڵیدام ○ دڵنیانیم ○ لە گەڵیدانیم ○ هەرگیز لەگەڵیدانیم ○

2- زمان و ناوەڕۆکی دەقەکانی نێو پەرتووك(تێکستبووك) ی بابەتەکانی (زانست ، بیرکاری) لە ئاستی توانا و تەمەنی قوتابیان نییە هەربۆیە قوتابیان بەزۆری لەچەمك و زاراوەکان تێناگەن یان تووشی هەڵە تێگەیشتن دەبن.

زۆر لەگەڵیدام ○ لە گەڵیدام ○ دڵنیانیم ○ لە گەڵیدانیم ○ هەرگیز لەگەڵیدانیم ○

3- بەهۆی وتنەوەی بابەتەکانی (زانست ، بیرکاری) بە زمانی ئینگلیزی، قوتابیان لە نلو پۆلدا توشی فشار( سترێس) و سەرلێشێوان دەبن.

زۆر لەگەڵیدام ○ لە گەڵیدام ○ دڵنیانیم ○ لە گەڵیدانیم ○ هەرگیز لەگەڵیدانیم ○

4- بەهۆی بە ئینگلیزیکردنی بابەتەکانی (زانست ، بیرکاری)ڕێژەیەکی کەمی خوێندکاران بەشداریدەکەن لە پرسیارکردن، وەڵامدانەوە، گفتوگۆو چالاکییەکانی ناو پۆل.

زۆر لەگەڵیدام ○ لە گەڵیدام ○ دڵنیانیم ○ لە گەڵیدانیم ○ هەرگیز لەگەڵیدانیم ○

5- قوتابیان بەهۆی بە ئینگلیزیکردنی بابەتەکانی (زانست ، بیرکاری) کێشەی تێنەگەیشتنیان لە پرسیارەکانی تاقیکردنەوە بۆ پەیدادەبێت بەمەش کاریگەرییەکی خراپ لەسەرئەنجام و نمرەی فێرخوازان دروستدەبێت.

زۆر لەگەڵیدام ○ لە گەڵیدام ○ دڵنیانیم ○ لە گەڵیدانیم ○ هەرگیز لەگەڵیدانیم ○

6- بەهۆی لاوازی توانای ئاستی زمانی ئینگلیزی قوتابیان مامۆستا ناچارە چەندجارە رونکردنەوە لەسەر چەمك و زاراوە و ناوەڕۆکی بابەتەکان بدات بۆ مەبەستی تێگەیشتن، ئەمەش کاریگەرییەکی خراپ لەسەر پلانی وانەوتنەوە و تەواونەکردنی پرۆگرام لەکاتی دیاریکراودا دروستدەکات.

زۆر لەگەڵیدام ○ لە گەڵیدام ○ دڵنیانیم ○ لە گەڵیدانیم ○ هەرگیز لەگەڵیدانیم ○

7- وتنەوەی بابەتەکانی (زانست ، بیرکاری) بەزمانی ئینگلیزی ژینگەیەکی پڕ ژاوەژاو و کۆنترۆڵ نەکراو بەرهەمدەهێنێت.

زۆر لەگەڵیدام ○ لە گەڵیدام ○ دڵنیانیم ○ لە گەڵیدانیم ○ هەرگیز لەگەڵیدانیم ○

8- ئەو زانیارییە بەدەستهێنراوانەی کە قوتابیان لە کاتی وانەوتنەوە دا لە ڕێگای زمانی ئینگلیزییەوە وەریانگرتووە درەنگتر بەیادی دێتەوە، وەك لەوەی بە زمانی دایکی وەریگرتبێت.

زۆر لەگەڵیدام ○ لە گەڵیدام ○ دڵنیانیم ○ لە گەڵیدانیم ○ هەرگیز لەگەڵیدانیم ○

**تەوەری سێیەم: گرنگی خوێندنی بابەتەکانی (زانست ، بیرکاری) بە زمانی ئینگلیزی.**

1- خوێندنی بابەتەکانی (زانست ، بیرکاری) بەزمانی ئینگلیزی گرنگە، چونکە زمانی ئینگلیزی زمانی زانست و تەکنەلۆجیایە.

زۆر لەگەڵیدام ○ لە گەڵیدام ○ دڵنیانیم ○ لە گەڵیدانیم ○ هەرگیز لەگەڵیدانیم ○

2- خوێندنی بابەتەکانی (زانست ، بیرکاری) بەزمانی ئینگلیزی گرنگە، چونکە بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا بەتایبەتی لە زانکۆکانی دەرەوەی وەڵات، پێویستە خوێندکار زمانی ئینگلیزی بزانیت.

زۆر لەگەڵیدام ○ لە گەڵیدام ○ دڵنیانیم ○ لە گەڵیدانیم ○ هەرگیز لەگەڵیدانیم ○

3- خوێندنی بابەتەکانی (زانست ، بیرکاری) بەزمانی ئینگلیزی، یارمەتیدەرە بۆ گەشەی توانستی زمانی ئینگلیزی قوتابیان و رەخساندنی هەلی کار لە ئاییندەدا.

زۆر لەگەڵیدام ○ لە گەڵیدام ○ دڵنیانیم ○ لە گەڵیدانیم ○ هەرگیز لەگەڵیدانیم ○

((زۆر سوپاس بۆ بەشداریکردنی بەڕێزتان لەم توێژینەوە زانستییە))